هەژدە کەس گیانیان لەدەستدا بەهۆی بەردوومانی پایتەختی لوبنان

ئەمە هەینی (11ـی تشرینی یەکەمی 2024)، وەزارەتی تەندروستی وڵاتی لوبنان لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕایگەیاند، لە ئەنجامی دوو هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بە سەر بەیروت-ی پایتەختی وڵاتەکە، هەژدە کەس گیانیان لەدەستدا و 92 کەس بریندار بوون.

لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستی لوبنان هاتووە، برینی بەشێک لە بریندارەکان سەختە و هەموویان گواستراونەتەوە بە نەخۆشخانە و چارەسەری پێویست وەردەگرن.

نزیکەی مانگێکە، ئیسرائیل و حیزبوڵلای لوبنان لە پێکدادانی بەردەوام دان، بەوهێوای ئیسرائیل دەیان پێگەی حیزبەکە لەناو لوبنان کردە ئامانج کە بووە هۆی کوژرانی سەدان ئەندامی حیزبوڵلا، هەروەها سەرکردە باڵاکانی ئەو حیزبە، لەوانە؛ حەسەن نەسروڵلا ئەمینداری گشتی حیزبوڵلای لوبنان و جگرەوەی و دەیان سەرکردەی سەربازی ئەو حیزبە و ئەو جەنگە بووە هۆی کوژرانی دەیان هاوڵاتی مەدەنی لوبنان لەگەڵ ئاورەبوونی دەیان هەزاریان.